Klawrojna

# هەلەبجەی شەهید

1988



نوسین و هۆزانی

ئەحمەد دەشتی

هاتن هاتن فاشـستەکان بۆ کوردستان

جینۆ ســـــایید  بڕیـــاریان بــوو

هەلەبجەیان شـــــــەهید کردم و

مەرگی هەزار هــەزارانیان دیاری بوو

*

1988

* هەڵەبجەی شەهید.

* نوسین و شیعری ئەحمەد دەشتی .

* بە یادی هەڵەبجەی شەهید 1988.

* چەند و تار و شیعر لە سەر هەڵەبجە.

* بە یادی شاری هەڵەبجەی شەهیدەوە

پیشکەشە بەگیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجەو هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان و ئەوانەی کە هەرگیز نامرن و لە رێگەی گەل و نیشتمانیان دا خۆیان بەخت کردووەوبوونەتە چرای روناک کەرەوەی خاک و نەتەوەکەیان، هەروەها پیشکەشە بە هەمووئەوانەش کە هەرگیز سەر بۆ دوژمنانیان شۆڕ ناکەن و لە ریگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستان دا قەت ناسرەون .

# ئەمن کوردێکم



وێنـــــــەم دیارە کوردم و ئاوارەم
بەبێ ســـەربەستی وخاک پارەپارەم
نیشـــــــــــتمانەکەم داگیر کراوە
زۆر لە مێژ ســــــاڵە مافم خوراوە
بەبۆمـــــبای کیمیاوئەنفال وزیندان
داک وباوک و برام هەمووی ون کران
لە ناو لانەی خـــۆم دەربەدەرکراوم
بێ بەش لە ژین و خاک داگیرکراوم
وێل وسەرگەردان چـــاوپڕپڕ گرینم
دیل وچەوساوە و جەســــــتە برینم
تا کوردســـــــــتانم سەربەخۆ نەبێ
هەرگیز دڵی من ئاســــــــودە نابێ
بۆیە تا خوێنــــــم لە ڕەگ دا مـابێ
لە ڕێی ڕزگاری کوردســـــتان دەبێ
*

## سیانید و خەردەل

ئەمسالیش بەهار
ڕەنگی زەردی خەزانی بوو
ژەهری بومبای فاشستەکان
بومەرگی کورد دیاری بوو
کوردستانە ئازیزەکەم
وا بە کیمیا خامۆش کرا
نیشتمانیان وێران کردم
وەبەر بۆمبای شیمیادرا
بە کوشتن و زیندە بە چاڵ
بە سیدارە و ئە نفالی پار
وەلاتەکەم زامدارکرا
لە ناو بران هەزار هەزار
بە سیانید و
گازی خەردەل
شار و دێیان لێ خنکاندم
دوژمنانی فاشی و چەگەل
بەڵام نەیار خەیال خاوە
بومبای کیمیاش نام بەزێنێ

**بیری بەرزی کوردایەتی**
**قەلای سەختیان دەڕوخێنێ**
شام 1988/3/16

# هاوار

**كوانى دەنگی  داد پەروەران**
**كوانى مافی  مرۆ لە جيهان**
**كوانی هەستی ئازاد خواهان**
**كوا  بەرگری  لە  ميللەتان**
**لە راست گەل و خاكی  كوردم**
**نايێ دەنگی ئاشتی  خوازان**
**كوانی سەدای بەرزی  ویژدان**
**بۆ بێ دە نگن سوورو سەوزان**
**وا كوردستان  دەخنكێندرێ**
**بەخەردەل  و  سيانيدی ژار**
**گەلی  كوردم لە  ناو دەبرێ**
**شەهەيديان كرد هەزار هەزار**
**1988/3/18 شام**

# شاری شەهید

چەمەن خامۆشەو بێ نەوایە دل
شارەکەم کپەو وا پەپەرەیە گول

شارەزوور بوویتە ڕووگەی هاوارم
بە بۆمبای کیمیا شەهیدە شارم

هیچ دەنگێ نایێ لە هەلەبجەی من
لە شاری زێدی شاعیرانی من

ئەم هەموو لالە و گولە وەنەوشە
بەگازی خەردەل گیانیان خامۆشە

لە کوردستانم سیانید چێندراوە
جینۆ سائیدی کورد بڕیار دراوە

هەزاران خونچەی باغم وەریوە
وارم خاپوورە و مەرگ باریوە

تەرمی مندالی ساوای گیان دەرچوو
لە باوش باوکی بێ ڕۆح  و مردوو

دایک بێ هەستەو باوک نەماوە
کوڕوکچ کەوتون بە هەموو لاوە

کوچەو دامێنی شارەکەی شەهید
وا موژدە درن  بۆ ڕۆژی نەوید

بانگی ئازادی و سەربەخۆیی بوون
وا دێ لەکوچەوشارەکەی زەبوون

کاروانی لالەو خاوخاوو بەیبون
وا هاتن بەرەو ئاوازی  یەکبوون

موژدەی یەکێتی کوردم پێ دەدەن
ڕق و کینەی کۆن وا وەلا دەدەن

دەبێ ئەمجارە کوردستانی جوان
سەربەخۆببێ واری شەهیدان

هەڵەبجەم گیانی پاکی یەکبوونە
قوربانی کورد و سەربەخۆبوونە
هەڵەبجەم مەرگی داگیرکەرانە
ڕووگەی سەروەری و ئازادی ژیانە

هێسک و پروسکی لاوو پیری کورد
وا هاوار دەکەن دوژمنانمان مرد

چونکە هەڵەبجەم شاری شەهیدە
سەربەخۆ دەبێ واری ئەم کوردە
*
بە یادی هەڵەبجەی شەهید هەندەران 1989

## چەند پەیڤێک

هەلەبجە شاری قارەمانانە شاری خەبات و راپەرین و تێکوشانە هەلەبجە ئازادیە ، رزگاریە و سەربەخۆیی کورد و کوردستانە، هەلەبجە مەکۆی سەربەرزی و شانازی نەتەوەی کوردە، هەلەبجە ئەو شارە شەهیدە و پالەوانەیە کە بەدەستی زوردارە درندە کان،بە دەستی ستەم و بە نیازی لە ناو بردن و قڕکردن، زۆر بە ناڕەوایی و نامرۆڤانە و فاشیانە پەلامار دراو بە بومبای شیمیایی بوردومان کرا، بە گازی ژەهراوی هە زاران ژن و زارۆک و لاوو وپیرانمان لە ناو بران بە گازی خەردەل وسیانیدی مەرگاوەر و قەدەخەکراو لە جیهان دا،ئەو شارە خنجیلانەی هەلەبجەمان شەهیدکرا . هەلەبجە ئەو شارە شەهیدە دلیرەیە کە دوژمنانی درندە هەمیشە لێی ترساون و زۆر بە نامرۆڤانە هێرشیان بۆ هێناوە و وەبەر بۆمباران و پەلاماردانیان داوە و بەهەزاران خەلکی کورد پەروەر و خاک پەروەری ئەو شارەیان لە ناو بردووە ، بە خەیالی

گلاوی خۆیان دەتوانن بەم هێرش و پەلاماردانە بەم کارە سامناک و درندانەیان دژی گەلی کورد و رۆلە دلێرەکانی ئەم شارە و خەلکی خە باتگێڕی کوردستان چۆک دا بدەن و بەکردەوەی دوور لە هەموو بەزەیی و مرۆڤایەتی وترسناکەکانیان بمان ترسینن و واز لە شورش و راپەیین بینین و کڕنوشیان بۆ بەرین ، بەلام بەپێچەوانەوە لە گەل هەر پەلامارو هێرشێک دا لە هەر ئەنفال و بومبارانێکی شیمیایی دا هەستی پاک و باوەڕی بەتینی رۆلە ئازاو دلێرەکانی کوردستان و پێشمەرگە شۆڕشگێرەکانی بەوەفاو دلسۆزی کورد و کوردستان هەمیشە بەهیز ترو پتەو تردەبێت و بیری تۆلە سەندنەوە لە دەروونی نیشتمانپەروەران دا پتر دەچەسپێت وخەبات و تێکوشان و یەکگرتنی کورد پەروەران و دلسۆزان لە پێناوی مافەرەواکانی گەلی کورد زێتر دەبێت و ئالای هەول و خەباتی شورشگێرانە بۆ سەندنی مافە ڕەواکانمان بە رز تر دەبێتەوە و هەرگیز خەلکی شاری هەلەبجە و تەواوی گەلی کورد لە کوردستاندا ، بە بڕیاری جینۆ سایید کردن و هەرسیاسەتێکی تری داڕێژاو بۆ لە ناو بردنی میللەتی

کورد به هەموو شێوەیەک کارناکاتە سەر میللەتە کەمان بۆ واز هێنان لە خەبات و بزافی نەتەوایەتی لە پێناوی کورد و کوردستان دا دەبێ دوژمنانی گەلی کورد ئەوە زۆر باش بزانن کە خەباتی نەتەوایەتی و رزگاری خوازیمان هەرگیز بەزەبرو زەنگ و داپلوسین و بیری قرکردنی مییللەتی کورد لە ناو ناچێت و بۆمبارانی شیمیایی و ئاوارە و دەربەدەرکردن و خاپوور کردنی شارو ئاوایی و زیندە بە چاڵ کردن وئەنفالەکان و هەستی لە ناو بردنی دارو نەداری میللەتی کورد دەبێتە هۆی لە ناوچوون و نەمانی ئەوانەی کەوان بەو رەفتارە نامرۆڤانەیە دەیانەوی میللەتی کورد لە ناو بەرن و کوردستانی ئازیزمان خاپورتر و ویرانتر بکەن ، بەلام نەیارانی کورد لە داهاتوودا دەبینن و بۆیان روون دەبتەوە کە خوێنی هەزاران هەزار شەهیدە نەمرەکانی کوردستان چۆن هەوکی داگیرکەرە درندەکان دەگرێت و پشووی پڕ لە تاوان و مرۆکوژیان لێ دەبڕێتن ، زورداری و فاشیەت لە ناو دەچێ و میللەتی کورد ی چەوساوەو بێ مافی ژیان بە ئاواتی خۆی دەگات و خوێنی هەموو شەهیدانی کورد ستان و

شەهیدانی هەڵەبجە و تەواوی کورد و کوردستان گوڵی ئاڵی سەربەستی دەروینێت و کوردسانی ئازیزمان سەربە خوو ڕزگار دەبێت و هەڵەبجەی شەهیدیش کە شانازی و سەربە رزیە و دەبێتە مۆزەو ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی بۆ سەر بەرزی میللەتی کوردی قارەمان و زۆر لێ کراومان کە ساڵەهای ساڵە لە ژێر چنگی دوژمنان دا ئەسیر و پەریشانە و زور لە مێژ ساڵە بە دەستی زۆر دارەکان لە ناو لانە وکاشیانەی خوی دا دەچەوسێندرێتەوە ، لە پێناوی رزگاری و وەدەست هێنانی مافی ئازادی و سەربەخویی دا ، هەزاران هەزار رۆڵەی ژیان نە دیوی میللیمان بوونەتە قوربانی و لەم رێبازە دا خۆیان بەخت کردووە ، شتیکی روونیشە و دیارە کە ( داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگری سەبەخویی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ )جا هەرمیللەتێک کە شەهیدی هەبیێت و بۆ رزگاری و ئازادی قوربانی بدات هەربەمافە رەواکانی خۆی شاد دەبێت و هەرگیز لە ناو ناچێت و سەرەنجامیش مردن و نەمان هەر بۆچەوسینەران و دوژمنانی درندە و داگیرکەر و زۆر داردەبێت . شاری

هەڵەبجەی شەهید دەکەوێتە کوردستانی باشوور، لە ڕۆژ هەلاتی شاری سلیمانی دایە، دەکیلو مەترێک لە دەربەندی خانەوە دوورە ، لە نێوان کێوەکانی هەمیشە سەربەرزولوتکە بەفرینەکانی شنروی و بالامبۆ دایە و دەروانیتە دەشتە جوان و دلگیرەکەی شارەزووری پر لە سروشتی خوای جوانی و بەهەشتی بە پیت و فەڕی کوردستانی باشوور کە هەمیشە هەر سەربەرز و جێی شانازی کورد و کوردستان بووە، زێدی ماقولان و شاعیران و هونەرمەندان و گەورە پیاوان و سەر وەرانی نەمر و هەردەم زیندووانی گەلی کوردە .

شاری هەلە بجە گەلێ مرۆی مەزن و نیشتمانپەروەری لە باوەشی گەرم و گویی خۆیدا پێ گەیاندووە،ئەو مرۆیە بلیمەت و ناودارو هێژایانەی کە هەمیشە وەک ئەستیرە گەشەکانی ئاسمانی بەرزی کوردەواری دەدرەوشێنەوە و بۆ هەتاهەتایە پرشنگ دەرن و جێگەی شانازی و سەربەرزی هەمیشەیی میللەتی کوردن ، هەلەبجە شاری شەهیدانە ، شاری قارەمانانە ، شاری هونەروەران و زانایان و شاعیران و دلێرانی وارپەرو دلسۆز و وەفادار بەخاک و

نەتەوەکەمانە هەلەبجە شاری نالی و مەولەوی و وەلی دێوانە و ئەحمەد بەگی جاف و تایەر بەگی جاف و بێکەسی نەمر و گۆرانی شاعیری مەزن و سەدان لاوی هونەرمەندو ماقول و ناو دارانی کوورد پەروەرە، زێدی عارف و هوزانوانانی بلیمەت و سەرفیرازە .

دەمێکە داگیرکەرە درندەکان چاوی گلاو و دوژمنایەتی خۆیان بڕیوەتە ئەو شارە خنجیلە و جوانەی کوردەواری بە بۆمباران و ناپالم وتیزاب و شەستیرو موشەکەکانیان دوا جاریس بەکیمیا زۆر بەدرندانەو نامرۆڤانە پەلاماریان داوە و زۆر جاران خاپوور و وێرانیان کردوە و بەسەدان رۆلەی ئازاو نەبەزیان لێ شەهید و بریندار کردوە ، هەزاران لاوو پیرانمان لەو شارەشەهیدە دا بوونەتە قوربانی لە پێناوی ئازادی و رزگاری و سەربە خۆیی کورد و کوردستان .

هەرلە سالەکانی دوای جەنگی جیهانیدا،لە سەر دەمەکانی شورشی شیخ مەحمودی نەمر ئینگلیزەکان بە چوار فرۆکە بۆمب هاوێژەکانیانەوە مرۆ کوژانە و زۆرنامەردانە و ترسنۆکانە پەلاماری شاری هەلەبجەی شەهیدیان داوە و دەها بۆمبای ناپالم و موشەک

وشەستیرە مەرگاوەرە کانیان بەسەر ژن و زارۆک و خەلکی بێتاوانی ئەو شارە کوردە شەهیدەدا باراندووە ، بەسەدان لاو وپیری کوردی هەژاریان لی شەهید و بریندار کردوە و خانوەکانیشیان خاپورو بە خاک یەکسان کردوە و خەلکی ئەم شارە قارەمانەیان ئاوارە و دەربەدەر و رەتینراو کردوە .لە سال1974 دا دوای دیسان شەر فروشتنەوە ی ڕژێمی کورد کوژ و فاشی عیراقی بەسەرگەلی کورد لەسەردەمی شورشی پیرۆزو مەزنی ئەیلول دا بەسەرکردایەتی بارزانی نەمرو هەمیشە زیندوودا کە شەریان لە کوردستانی باشوردا داسەپاندەوە ، خوێنی هەزاران هەزار کوردی نیشتمانپەروەر و پێسشمەرگەی کوردستانیان رژاندەوە و بەبۆمبای ناپالم و تیزاب و فسفۆرەکانیان دەستیان کردەوە بە وێران کردنی شارو ئاوایی و سوتاندنی رەزو باغ و زەوی و زار و لێڕەوارەکانی کوردستانی نەخشین و بەسەدان لاوی کورد پەوەر و دلسۆزی کوردستانیان لە سیدارە داوەو بە هەزارانیان لە نیشتمان پەروەرانی ئازاو بە جەرگ کە تەنیا گوناهیان خەبات لە پێناوی ئازادی و مافە ڕەواکانی کورد بووە لە ناو زیندانەکانی

پڕ له داپلوسین و زەبر و زەنگ وترسناکەکانیان دا له ناو بردووەو هیچ بەزەییەکیان بە خەلکی ئەو شارە و تەواوی خەلکی کوردستان نەهاتۆتەوە سالەهای سالە ئەم کوردە دەچەوسێننەوەو هەموو سامان و مالیان داگیردەکەن و له لانەی ژیانی باوک و باپیرانی خۆیان بێ بەش کردووە و دەمان ڕەتێنن و ئاوارە و دەربەدرمان دەکەن .

له ڕۆژی 1974/4/26دا شەر فرۆشەکانی دڕندە له ناکاو په لاماری شاری هەلەبجەی شەهیدیان داو به فرۆکەکانیان مەرگیان له و شارە ئازیزە دا باراندو بەسەدان رۆلە ی کوردیان له ژن و مندال و پیرو لاوەکانیان شەهید و بریندار کرد و خوێنی زۆر بێ تاوانانیان ڕژاند و هەلەبجەیان زامدار کردەوە ، کە ئەوەش دیسان بوە هۆی بەهێزتر بوونی هەستی پاکی کوردایەتی لەناو دل و دەروونی هەموو کوردێکی خاوەن بیرو باوەر وپێشمەرگەیەکی دلسۆزی خەبات و شۆڕش له دژی داگیرکەران دا، چونکە هەر هێرش و پەلامارو زۆرداریەک بەرامبەر بە کەڕامەت و خاکی پیرۆزی کوردستان هۆی زیاتر پەرە سەندنی هەستی

پاکی کوردایەتیە ودروشمی هەمیشە زیندووی کوردستان یا نەمان لەناو دەروون و مێشکی هەموو کوردێک دا زێتردەبێت و دوژمنان و نەیاران باشتر ریسوادەبن و خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاری و سەربەحۆیی خاکی کوردستانیش قەت لە ناو ناچێت و هەر بە هێز تر دەبێت ،خۆ دوژمنانی کوردو کوردستان هەمیشە لە پەلاماردان و وێران کردنی خاکی کوردستان دا قەت درێغیان نەکردوە و ناشی کەن ، زۆر لە مێژە بۆ لە ناوبردنی هەستی پاکی نەتەوایەتی و کز کردنی بیری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری دا بە هەموو شێوەیەک هەولیان داوەو هەول دەدەن ، بۆ ئەو مەبەستەش بەهەموو جۆرێک خۆیان تاقی کردۆتەوە ، بەلام هیچیان بۆ نەکراوە جگە لە کوشتن وبرین و خاپوورکردنی کوردستان کە ئەمەش بووەتە هۆی زیاتر راپەرین وتێکوشانی رۆلە دلێرەکانی میللەتەکەمان و پەرەسەندنی رقی تۆلە لە ناو دل و دەروونی هەموو ڕۆلەیەکی کورد .

بەلێ هەر دوێنی بوو ئەنفالیان کردین ، هەزاران ئاواییان لی ویران و بە خا ک یەکسان کردین ،هەر

دوێنێ بوو هەشت هەزار بارزانی قارەمانیان تەنیا لە بەر ئەوەی کە کورد بوون لە ناوبردو بێ سەرو شوێنیان کردن، ئاوی روبارو کانیاو و ئەشکەوتە کانیاویشیان لی خنکاندین و دارو باری کوردستانیشیان لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێناو تەواوی رەزو دارو بارو لێڕەوارە کانیشیان سەربرین ، لە ناو بیابانەکاندا بەهەزارانیان لێ زیندە بە چال و ون و وێلیان کردین  لوتکەی چیاو دۆل و کویستان و کوسارەکان و دەشتەکانی باوو باپیرانیشیان  لی قەدەغەکردین وهەموویان بە مینە مەرگاوەرەکانیان چنی و کوردستانی ڕەنگینیان خاپوورو وێرانە و تەعریب کردین ، کورپەی ناو لانک و ئامێزی دایکانیشیان گر تێ بەردابن ، ئاوی کانی و ڕوبارانیان لێ سیمان کردین وخنکاندیان، هەوای پاکی کوردستانی ئازیزیان ژەهراوی کرد و بە سەدان هەزار بۆمبای خۆشەیی و تیزاب و ناپالم و بۆمبای سیانید و خەردەلیان  پیا دادابن و لە هیچ کارێکی نامرۆڤانە نەگەنگانەوەو هەتا توانیان دژی گەلی کورد جینایەت و تاوانیان کرد و کوردستانی یەهەشتی کوردیان کردە دۆزەخ و بە هەزاران  هەزارانیان ویل و ئاوارە و

دەربەدری دووره وەلاتان کردین، هەرچی دار و نەدارمان بوو لێیان زەوت کردین و، خاکیان بە زور تەعریب و داگیر کردین و کەرکوکی دڵی کوردستانیان لێ زهەوت کردووین و ناویان لێ ناین تورکی چیاو کراین بە جینن و دیێوو مافیا و هەوای پاکی بەهەشتی کوردستانیان بە تەواوی ژەهراوی کردین ، ئەوەی لە دەستیان هات کردیان نە پەنگانەوە ، دزیان ،بڕیان، بردیان ، سوتاندیان ، خاپوور و ویران داگیر و تەعریبیان کرد ، بە هەزاران هەزارانیان لە ناو برد و هەرکەس نەیزانی کە چیان وەسەر هات ، تێکۆشەران و دلسۆزەکانیان زیندە بە چاڵ و لە ناو کارخانەکانی کیمیایی و بۆ تاقی کردنەوەی بومبا شیماویە ژەهراویەکانی کۆمەڵ کوژیان لە ناو بردین و لە بیابانەکانی باشوور ون و وێلیان کردین، بڕیاری جینۆ سائیدی ئەم کوردەیان داو ، کاریکیان بەم کوردە چەوساوەیەو بێ مافی ئازادی و ژیانی سەربەخۆیی کردووە کە هەتا هەتایە لە بیر ناچێتەوەو، تەنانەت بە گازی خەردەل و سیانیدی قەدەغە کراو لە جیهان دا،بریاری جینۆسایدیان بۆ داین ، دیمان کە لە شاری

هەلەبجەی شەهید تەنیا لە ماوەی چەند سانیەک شاری هەلە بجەیان چۆن لێ شەهید کردین، گەلێ شوێنی تریشیان دایە بەر هێرش و پەلاماردان،بادینان و گەرمیان و خورمال و شیخ وەسان و دۆلی جافەتی و گەلی شوێنی تریان شیمیا باران کرد،بە هەزاران هەزارانیان لێ قڕکردین و هەوای هەلمژینی سروشتی ژیانیشیا لەکوردستانی ئازیزماندا ژەهراوی کردین و پەریشان و بی دەرەتانیان کردین .بەلێ دوژمنانی درندە و کورد کوژ بەجیهانیان سەلماند کە بە راستی مرۆ کوژن و مافی مرۆیان بەجینایەت وکوشتن و بڕین سەلماند کە بە راستی بۆ لە ناوچوونی میللەتیکی وەک کوردی بی مافی ژیانی ئازادی دەست بۆ هەموو شتێک دەبەن و بریاری گەل کوشتن دەدەن و دەبنە قارەمانانی زورداری و فاشیەت و ناو بانگیان لە کردەوە درندایەتیەکانیان دەردەکەن و دەبنە تاقەسواری مەیدانی کارەساتەکانی پڕ لە تاوان و دڕندایەتی لەم ڕۆژگارانەدا ، هەر بۆیەشە کەلە ڕۆژانی 16و17 1988دا فرۆکە مرۆکوژەکانیان بو سەر ئاسمانی لە خەم خنکاوی شاری هەلەبجەی شەهید هەل

دەفڕێنن و بەموشەک و بەبومبای پڕ لەگازی خەردەل و سیانید ئەم شارە کوردە خنجیلانەمان لی شەهید دەکەن و بە هەزاران زاروک وژن و لاوو پیرو هەموو بوونەوە رێکمان لی خامۆش دەکەن ، بەگازی ژەهراوی ئاسۆی بەرز و بلندی شاری هەلەبجەمان دەخنکینن و هەلە بجەمان دەکەن بە هەلەبشیمای سەدەی بیستەم و بارانی مەرگمان بۆ دەبارێنن،بەلی هەلەبجە شەهید دەبێت،هەلەبجە دەبێتە رەمزی خەبات وتێکۆشان ، دەبێتە چرای رۆناک کەرەوەی هەموو خاکی کوردستانی دابەش کراو،دەبێتە ئالای سەوزو سپی و سوورو زەردی خۆرنشینمان دەبێتە هەستی پاکی خەبات گیران وکول نەدان دەبێتە قەلایەکی پڕ لە ترس و زەندەق چووی ناو هەســــــت و دەروونی داگیرکەرە درندەکانی کە نیشانەی مەرگیان پێوە دیارە و روونە دەبێیتە توقێکی خنکێنەر و کە هەرگیز ناتوانن لەبەرامبەرئەو تۆقە بەتینەدا را بووەستن ئەوانەی کە بوونەتە قوربانی ئەو تاوانە مەزنەش هەمویان شەهیدانی کورد و کوردستانن ، مایەی شانازی و سەروەری و سەرفیرازین ، کە هەتا هەتایە

هەرزیندوون  و قەت نامرن و هەرگیز لە یاد ناچنەوە و ئەواوان دەبنە مایەی سەرکەوتنی گەلی کورد و هەلەبجە دەبێتەی جێگەی شانازی و سەربەرزی تەواوی کوردستانی ڕەنگین و دەبێتە ڕوگەی هەموو مرۆڤ دۆستێک و دەبێ بە هێمای بەختەوەری و سەربەخۆیی گەلی کورد ، هەلەبجەی شەهید دەبێتە هەستی پاکی دلسوزان و هۆزانوانان و زانایان و نیشتمانپەروەران و  عاریفانی کورد و کوردستان کە بە سەدان شیعرو نوسین و پەیکەری لە زێڕ دروست کراو بۆ هەلەبجەی شەهید ساز دەکرێت و ناوی شەهیدانی هەلەبجەی شەهید بۆ هەمیشە وە ک ئەستیرە روون و گەشەکانی  ئاسۆی بەرزی کوردەواری هەتا هەتایە دەدرەوشینەوە  منیش لێرە کە فرمێسکی ئازارو رەنج و زامەکانی پر لە ژانم بۆ کوردستانی ئازیز و شاری هەلەبجەی شەهیدم لەغوربەت و ئاوارەیی و دەربەدەری ودووری وەلاتی هەست و بیرم دا وەک باران بە لیشاو دێتە خوارەوە و ئاووری ناو دەروونم بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان و بە تایبەتی  شەهیدانی شاری هەلەبجەی شەهید وخزم وکە س و کاران و

هەموو براو رۆڵەکانی میللەتەکەم ، بۆ بە زور داگیر کردنی کوردستانی لەهەموو شتێکم لا پیرۆزتر، بۆ بێکه سی و مال وێرانی کوردو دەربەدەری هەزاران هەزار، بۆ نە بوونی یەکیتی و یە نەکگرتن و نەزانین ودوا کەوتویی و هەستی تەسک و تریسکی گەلێ لە ڕۆڵەکانی گەلەکەم ، بۆ بیری چەوت و چەوێل ودوور لە کوردایەتی ودرۆ بوختان و نارەوایی و ناڕاستی گوتن ، ئەمانە هە موو لە هەموو کۆبوونەتەوە و گیانی پڕاوپڕی رەنج و ئازارم گڕتی بەردەدەن و پەرواز گەرواز بە بال کوتانەوە بە دلی برین وتەژی ژانەوە، بەرە و شاری هەلەبجەی شەهیدم دەبەن و ئازارەکانم سەد بەرابەرتر دەکەن ،هەر بۆیەشە کە بە یادی هەموو کارەسات و نەهامەتیەکان بە یادی زولم و زورداری نەیاران، بە یادی شەهیدانی شاری هەلەبجەی شەهیدم ، بە یادی خوشەویستی کوردستان ، بە یادی هەموو ئەوانەی کە بۆ کوردو کوردستان خویان بەخت کردوە و دلسوزانە بوونەتە ئاوازی سەربەرزی ژیان ، بەیادی یەگیانی پاکی یەکگرتن و نەیاران ناسین و پەند وە رگرتن لە رابوردوە تالەکانمان بە یادی رزگاری

و سەربە خۆبوونی کورد و کوردستانم وا لێرە دا ئەم شعرەم  پێشکەش بە هەموو ئەوانە دکەم کە نیشتمانیان لە هەموو  شتێک  لاگەورە ترو پیرۆز ترە ، ئەم شیعرەشم بە یادی  ڕۆژی هەلەبجەی شەهید نوسیوەتەوە ، بە یادی خەبات وهەولدان و راپەرین و کارەستاتە مەزنەکانی کورد و کوردستانە  بەیادی هەموو ئەو شەهیدە قارەمانانەیە کە خۆیان کردە قوربانی و بوونە چرای رۆناکی رێبازی خەبات و تێکوشانی کورد و کوردستان ، بە یادی گیانی پاکی بارزانی نەمر و هەموو ئەو مرۆیە هێژایانەی کە هەرگیزاو هەرگیز لە خەبات و هەولی راستەقینەیان لانادەن و هەمیشەوەفادارن بە خاک و نەتەوە کەیان ،لە کاتی بیستنی هەوالی بۆمبارانی کیمیایی لە شاری شام بووم لەو کاتە دا تەنیا لەڕادیۆکانی ئێرانەوە ئەم هەوالەم بیست کە بە هیچ شێوەیەک دەنگ و باسەکان و ڕۆژنامە و ڕادیۆکانی وەلاتی سوریا باسی ئەو ڕوداوە گەورەیان نەدەکرد و خۆیان لێ گێل کردبوو ئەو کارەساتە مەزنەی کە ڕژێمی عێراق بەسەر کوردستانی هێنا تەواوی ڕۆژنامە و ڕادیۆکانی وەلاتانی عەرەبی

باسیان نەدەکرد و دەتگوت کە هیچ ڕووی نەداوە، ئەمەش زیاتر کاری دەکردە سەر هەست و دەروونی من و هەر لە بەر خۆمەوە دەمگوت خوایە بۆچی دەبێ میللەتی ئێمە ئەوەندە بێکەس و زۆر لێ کراو بێت لەو هەموو ڕادیۆ و ڕۆژنامانەوە تەنیا ڕۆژنامەیەکی عەرەبیش لە سەر ئەم کارەساتە مەزنە نانوسن!!! دەبێ هەموو حەز بە توانەوەی گەلی کورد بکەن؟ئەم پرسیارەم لە خۆمەوە دەکرد و وەرامەکەشم هەر بەخۆم دەداوە و دەمگوت بەلێ دیارە بۆ لە ناو چوونی گەلی کورد ئەمانە هەموو لە هەموو یەک باوەڕن و یەک هەستن و دەبێ ئەمانە بکەین بە پەندی سەرکەوتنی کوردو کوردستان.

ئەحمەد دەشتی

# کوردستانی خۆم

بۆچی منیش وەلاتێکی خۆمم نەبێ
سەربە خۆیی کوردستان وکوردم نەبێ
هەتا کەینێ پەرێیشان و دووره ژیان بم
وا هەمیشە هاوڕێی پەت وسێداره بم
بە ئەنفال و سیانید و ژەهری خەردەل
کوردستانم بخنکینن فاشی وچەپەل
منیش مرۆم سەربەخۆیی خومم دەوێ
وەلاتێکی پر ئازادی کوردم دەوێ
کوردستانم ئەو بەهەشتی ڕووی جیهانم
دەبێ ڕۆژێ سەربەخۆبێ نیشتمانی دل وگیانم
شام 1988

# شەری کیمیایی  لە کوردستان دا

بەپێی بڕیارەکانی ناو دەولەتان بە کار هێنانی چەکی کیمیایی قەدەغەیەو نابێ بە هیچ شێوەیەک لە شەڕدا بە کار بهێندرێتت،بەلام لە کوردستاندا وا ئەم چەکە ترسناکەو وێرانکارە لەو ناوچەیە دا بە کار دێت و بە هەزاران ڕۆلەی کوردی پێ لە ناو دەبردرێت و ئەم جیهانە لە ڕاست ئەم تاوانە گەورەیە بێ دەنگەو تاوانی ئاوا پڕ لە جنایەت و دژ بە هەموو  یاسایەکی مرۆڤایەتی سەر بە دەرخۆنە دەکرێت و زۆر بە کەمی باسی لێوە دەکرێت،ئەو کوردەی کە سالەهای سالە لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری دا خەبات دەکات ودوژمنانی گەلی کورد و کوردستان هەموو جۆرە چەکێکی کوشەندەیان دژبە گەلی  کورد بە کارهێناوەو دبینین کە لە هیچ کارێکی نامرۆڤانە بۆ لە ناو بردنی کورد و جینۆ ساییدکردنی ئەو گەلە هەژارو بێ دەرەتانە ناپەنگێنەوەو بە هەموو شێوەیەک هەولی لە ناو بردنی کورد دەدەن ، دوا جاریش وا چەکی کیمیاوی قەدەغە

کراو به پێی یاساکانی  جیهانی به کاردەبەن و شارێکی وەکو هەلەبجەی قارەمان شەهید دەکەن و زۆر نامرۆڤانە پەلاماری خاکی کوردستان دەدەن و ئەو شارە وەبەر بۆمبای کیمیایی سیانید و خەردەل دەدەن و هەموو یاساو ڕەوشتێکی مرۆڤایەتی پێ شێل دەکەن و هەزاران هەزار کوردی بێ گوناه له ناو دەبەن ومافی لێ زەوت دەکەن گەلی کورد دەکەن به قوربانی نیازە گلاوەکانیان و هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتی زۆر دڕندانە پێشێل دەکەن  بۆ له ناو بردنی گەلی کورد و خاپوورکردنی تەواوی کوردستان هەولەدەن.

شەڕی کیمیایی دوا چەکی وێرانکارانه و مرۆڤ کوژانەیە که ئیمڕۆ له کوردستان دا به کار دەهێندرێت و به هەزاران ڕۆلەی گەلی کوردی پێ له ناو دەبردرێت و شاری هەلەبجەی پێ شەهید دەکرێت و هەرچی بوونەوەرە بەم گازە خەتەر ناکه بن بڕدەکرێت و ویژدانی هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانه زامدار دەکەن و سەدان هەزارمرۆی کوردی پی له ناو دەبەن.

له ڕۆژی 18 ئازاری 1988 دا له کاتێک دا که سالەهای سال به سەر تێپەر بوونی پەیمانی جنێف له

نێوان سوێند خۆرانی وارشۆ و ناتۆ دا تێ دەپەیێت  کە بۆ قەدەغەکردنی ئەوچەکە کیمیاویەی کە چەکێکی زۆر ترسناک و وێرانکارانەیەو هەڕەشە  لە ناو بردنی گیانی مرۆڤ و جیهان دەکات و لە مێژە لە پێناوی پاراستنی جیهان و گیانی مرۆڤ  بڕیاری بە قەدەغەکردنی ئەو چەکە ترسناکە دراوە، ئەوجا وا گازی خەردەل و سیانید و سارین لە کوردستان دا بە کار دەهێندرێت و ڕۆلەکانی گەلی کورد بەو چەکە کوشەندەیە بەو گازە خەتەرناکەیە لە ناو دەبردرێت و بە هەزاران ڕۆلەی پێ شەهیددەکرێت و هەرچی پەیمان و هەستی مرۆڤایەتییە پێ شێلی دەکەن و یاسای نێو دەولەتیەکان دەخەنە ژێر پێیانیانەوە و هیچ ڕێزێک لەو پەیمان و بڕیارەکانی نێو نەتەوەیی و مرۆڤایەتی ناگیرێت و لە بەر چاوی جیهانیان کوردستانی ڕەنگین بە خوێنی هەزاران هەزار شەهید واخاپوورو وێرانتر دەکرێت ، گازی کیمیایی بۆ مەبەستی لە ناو بردن و جینۆ سایید کردنی گەلی کوردی بەشخوراو خاک لێ داگیرکراوی پێ ژەهراوی دەکرێت.

خۆ ئەگەر چەکی نەوەوی و بە کارهێنانی لە هێرۆ شیمادا گەلێ بچوکترە لەو هەموو چەکە ئەتۆمیەی کە ئەمڕۆلە جیهان دا بلاو بووەتەوە و هەڕەشەیەکی زۆر گەورەش لە تەواوی ئەم زەویە دەکات کە ئەو بەکار هێنانەی چەکی ئەتۆمیش لە هێرۆشیما و کازازانکی تەواوی جییهانی لەرزاند و ترسێکی زۆرگەورەی خستە ناو دلی جیهانیانەوە و وای لە زل هێزەکان کرد کەباوەڕ بەوە بکەن کەدەبێ لە بارەی هەولی کەم کردنەوەو قەدەغەکردنی بە یەکجاری ئەو چەکە وێرانکاریانە زۆر بە کاریگەرانە بۆ دۆزینەوەی چارە سەریەک لەو بارەوە هەول بدرێت،کە بە تەواوی کارێکی وا بکرێت بە کار هێنان و بلاو بوونەوەی ئەو چەکە خەتەرناکە بن بڕ بکرێت،ڕۆسیاو ئەمەریکا بە تەوای هاتۆنەتە سەر ئەو باوەڕەوە کە ئەم چەکە خەتەرێکی گەورەیە لە سەر تەواوی جیهاندا،چونکە بە کار هێنانی ئەو چەکە لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا بوو بە هۆی وێرانکاریەکی زۆرو لە ناو بردنی مرۆڤێکی زۆر لەو شەڕانەدا، گەلێ کاولکاری لە دوای خۆیا بە جێ هێشت و بە کار هێنانی کارەساتێکی هەتا بلێی مەزن

بوو،هەر بۆیەش بوو کە مۆسکۆ و واشینتۆن دوای ساڵەهای ساڵ هاتنە سەر ئەو باوەڕەوە کە دەبێت لەو بارەوە چارەسەری و گفت و گۆ بکرێت و هەر ئاوا ئەم کارە ترسناکە پشت گوێ نەخرێت ،کەوا ببێتە هۆی گەلێ لە کارەسات و ڕووداوی ترسناکتر لەم جیهانە دا.

گەلۆ لە دوای پەیمانەکانی قەدەغەبوونی بە کار نەهێنانی ئەتۆم لە هێرۆشیمادا نەک هەر قەدەغە کرن و دروست  نەکردنی ئەو چەکە کاول کارە ئەنجام دراوە،بەلکو وای لێ هاتووە کەوا تەواوی  هەردو لایەنەکانی ڕژێمە زل هێزەکان و گەلێ لە وەلاتانی تریش چەکی ئەتۆمی زیاد بکەن و بەو هۆیەش ترسی بە کار هێنانی ئەو چەکە وێرانکاریە لە نێوان هەر ڕوداوێکی شەڕ و بە یەک دادانی دولایەن زیاتر بکات وببێتە هۆی گەلێ لە کارەساتی مەزنتر لە هێرۆشیماو کازانزاکی و هەلەبجەی شەهید، خۆ ئەگەر بڕیاری قەدەغە کردن و لە ناو بردنی ئەو چەکانە بە تەواوی جێ بەجێ نەکرێت ئەوا ڕۆژێ لە ڕۆژان هەردێت کە دکتاتۆر و فاشستەکان لەو جیهانە دا بێنە سەرکارو کار

له کار بترازێنن و ئیتر جیهانی ڕوون وپڕ له شادی و بەختەوەری ژیان کاول بکەن و بەتەواوی چی مرۆڤە لە ناوی بەرن.

له کۆبونەوەی پەیمانی ئەتلەسی له برۆکسل دا هەلێ هەلکەوت بۆ گەیشتن به پەیمانێک و کەم کردنەوەی گرژایەتی سیاسی و سەربازی له نێوان ئەو دوو ئۆردووە گەورەیەدا کەکۆبونەوەکانی نێوان هەردو سەرۆکی ئەمریکی و سۆڤیەتی کاریگەریەتیەکی باشی کردە سەر کەم کردنەوەی گرژیەتی نێوانیان و دەست پێ کردنەوەی گفت و گۆیەکی زۆر به جدی و دانانی سنورێک بۆ ئەو هەموو چەکە کاول کارە و وێرانکارەیانەدا،گومان لەوەش دانیە کە پەرە پێدان ودروست کردنی ئەو چەکە خەتەر ناکانە بەو جۆرەو ئاوا بە پەلە زۆر بوون و بلاو بوونەوەی ئەو هەموو چەکە به هەموو جۆرەکانیەوە،ئەو دوو لایەنە وا لێ دەکاتن کە بیر لەوە بکەنەوە کە پێویستە کار بکرێتن بۆ چارەسەریەک له هەموو ئیحتمالێکی پووبە پوو بونەوە و دانانی سنورێک بۆ ئەو جۆرە شەڕ و شۆڕانە و کەم کردنەوەی هەموو ئامرازێکی وێرانکارانەو

هەستەیی کە لەلایەن هەردو لایەنەوە هەیە،بەلام لە دوای 12 سال دەست پێ کردنی گفت و گۆکانی نێوان زل هێزەکان و دانانی سنورێک بۆ چەکی کیمیایی هەردوو لایەن بەیە ک نەگەیشتن کەوا بتوانن لەو بارەوە چارەسەریەک بکەن کە ئەمەش کۆمەکیەکی زۆری کردوتە سەر ئەوەی کەوا ئەم چەکە زیاترلەو شوێنانە بلاو ببێتەوە کە لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەوانەوەیە و ئەو بلاو بونەوەش بوەتە هۆی بە کار هێنانی لە زۆر ناوچەکانی جیهان دا وەکو کوردستان و ئەفغانستان و فێتنام ونیکارا گوا و ئەنگۆلا و تەیموری ڕۆژهەلاتا، دوای بە کار هێنانی ئەو چەکە قەدەغە کراوە لە شەڕەکانی نێوان عێرا ق و ئێرانیەکان دابە شێوەیەکی دیارو ئاشکرا بەکار دەهێندراو جیهانیانیش لە ڕاست بە کار هێنانی ئەو چەکە دژوارەو ترسناکەو قەدەغە کراوە بەبێ دەنگ وەستا بوون و تەماشاچی بوون و مرتەقیان لێوە ناهات.

ئەوەی کە لەم دواییەدا پالی بەوە وە ناوە کە گفت وگۆ لە سەر چەکی کیمیایی بکرێت بە کار هێنانی ئەو چەکە بوو کە لەم دواییەدا لە ئازاری 1988دا لە

**کوردستان دا بە کار هات و بە هەزاران خەلکی بێتاوانی لە ناو برد و شاری هەلەبجەی شەهید کەوتە بەر هێرشی فڕۆکەکانیڕژێمی عیراقی و بە گازی کیمیایی سارین و خەردەل و سیانید بۆردومان کراو ئەو شارە ڕەنگینەیەی کوردەواریان بە تەواوی خامۆش و کپ کرد و شەهیدیان کرد و بە هەزران یڕۆلەی کوردیان لە ناو بردو بۆ جیهانیان ڕوون بۆوە کەوا ئەم چەکە وێرانکاریە چە کاریگەریەتیەکی  زۆری هەیە لە سەر لە ناو بردنی مرۆڤەوە،بە تایبەتی لە کاتێک دا کە ئەو چەکە دەکەوێتە دەستی کەسانی نا مەسۆل و دکتاتۆرەکان و مرۆ کوژەکان،خۆ ئەم ڕوداوە گرنگەی بۆمبارانی کیمیایی شاری هەلەبجە نگەرانیەکی زۆری خستە ناو دلی جهانیانەوە لە زۆربەی  پایتەخەکانی وەلاتان دا هەول درا کەوا خەبات بکرێت بۆئەوەی کار بکرێتە سەر دوا هێنانی بە کار هێنانی ئەو چەکە ترسناکەو مرۆ کوژەو کاول کارە لە هەموو جیهاندا.**

**گەلی کورد بە بۆمبارنی کیمیایی و شەهید کرنی شاری هەلەبجە توشی بە کارەساتێکی زۆر گەورە و ترسناک بوو،ئەمەش بە هۆی کاریگەریەتی ئەو چەکە**

خاپورکەرەو لە ناو بردنی دانیشوانی شاری هەلەبجەو ئەو هەموو نەهامەتی و کوێرەوەری و لە ناو چونی هەزاران کوردی بێ تاوان لە پێناوی مافە ڕەواکانی ژیان و ئازادی دا کە سالەهای سالە وا گەلی کورد لەبزاف و خەبات کردن دایەو لە پێناوی مافە ڕەواکانی نەتەوایەتی خۆی و هەموو ڕژێمە جۆراو جۆرەکانی عێراقی دانیان بەو مافە ڕەوایانەی کورد نەناوەو بە زەبر و زەنگ و بیری کورد تواندنەوە بە ئەنفال و تەعریب و گازی شیمیایی وەرامی گەلی کوردیان داوەتەوەو زۆر دڕندانە ڕەفتاریان لە گەل ئەو گەلەکوردە بەشخوراوە کردووەو تا شاری هەلەبجەیان ئا بەو شێوە دڕندانەیە بە گازی کیمیای قەدەغەکراوی نێو دەولەتی شەهید کرد.

گەلێ لە زانایان و کەسایەتیەکانی زانستی لە دانیشگاکانی بریتانی دا زۆریان گرنگی داوە بە بە کار هێنانی کیمیا و ئەو ڕوداوە گەورەیە و ئەو کارەساتە مەزنەی کە لە کوردستان دا هاتۆتەکایەوەو تۆژینەوەیەکی زۆریان لە سەر کردووە کەوا دژی خەلکی مەدەنی و بێ تاوان ئەنجام دراوە،کە ئەمە

بووەتە هۆی ئەوەش کەلە هەموو دەزگاکانی سەربازی دا لێکۆلینەوەو تۆژینەوە و شیَ کردنەوە لە سەر چەکی کیمیایی زیاتر بکرێت و باسی لێوە بکەن.
لە ڕووی سیاسیەوەش گرنگیەکی زۆری پیَ دراوە کە لە دەزگاکانی ڕۆژ ئاوادا وا بیر دەکەنەوە کە دەبێت چارەسەریەکی تەواو بۆ ئەو کارە دابندرێت کە ئەمە بە پێچەوانەی هەموو بڕیارەکانی نێو دەولەتیە و قەت نابێت بیَ دەنگی لێوە بکرێتن.

ئەوەی کە بەڕاستی لە کوردستان دا هاتۆتە کایەوە ڕوداوێکی تا بلیَ گەورەو کارەساتێکی مەزنەو شتێکی ئاسایی نیە،بەلکو ئەمە ڕوداوێکە کەواڕەنگ دانەوەی و بلاو بوونەوەی ئەو جۆرە کارە نامرۆۆانەیەکەبۆ بە کار هێنانی ئەو چەکە تازانەکە لە مەوبەر تاقی نەکراونەتەوە.

ئەمەی کەوا لە هەلەبجە ڕووی داوە ئەوە وەنەبیَ جاری یەکەم بێت و لە کوردستان دا هیچ جارێکی تر ڕووی نەدابێت، گەلیَ جاران ئاوا ئەم چەکە کاول کارە بە کار هاتوە وەک لە ناوچەی گەرمیان و بادینان و شێخ وەسان و دۆلی جافەتی و گەلیَ شوینی تری

کوردستان گازی سیانید و سارین و خەردەل بە کار هێندراوە و بە دەها کەسی لە ناو بردووە و هەرچی بوونەوەری ئەو ناوچانەیە گیانیان لە دەست داوەو گەلێ خاپووری و وێرانکاری لە دوا بەجێ ماوە.

ڕژێمی عیراقی زۆر دڕندانە بە هەستی گەل کوشتن و لە ناو بردنی گەلی کورد دەستیان بۆ هەموو کارێکی دژ بە مرۆڤایەتی و کاول کاری بردووەو بە سەدان گوندی کوردستانی عێراقیان خاپوور کردووەو بەسەر یەکیان دا تەپاندووەو بە سەدان گۆڕستانی بە کۆمەل و شاراوەیان وەدی هێناوەو بە سەدان هەزار کەسیان لە ئەنفالەکان و بیابانەکان ون و وێل کردووەو تەنیا بە جارێک هەشت هەزار بارزانیە قارەمانەکانیشیان لە ناو برد و ئێستاش کەس نازانی کە چۆن لە ناو بران و ون کران ئەو ڕژێمە هەرچی کە لە دەستیان هاتووە دژی گەلی کوردیان ئەنجام داوەو و بیری جینۆ سایید کردنی گەلی کورد لە ناو مێشک و هەستیان ڕەنگی داوەتەوەو بە خەیالی خاوی خۆیان دەتوانن ئەم میللەتە چل ملیۆن کوردە لە ناو بەرن و ئیتر کوردستان بە تەعریب و ئەنفال و کیمیا لە ناو دەچێت،بەلام

خەیالیان خاوە سەری خۆیان لە بەرداوەو گەلی کورد قەت نامرێت و ڕۆژێ لە ڕۆژانیش هەردێت کە هەلەبجەی شەهید و ئەو هەموو ئەنفال و وێرانی و نەهامەتی و بەد بەختیانەی کە بە سەر گەلی کوردیان هێناوە قورگیان بگرێت و لە ناویان ببات و گەلی کوردی بەشخوراویش بە مافە ڕەواکانی خۆی شاد ببێتن، هەرچەند کە دوژمنان دڕندەیی و کاری ناڕەواو دژ بە هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتی بەکار بێنن ئەوا بیری تۆلە سەندنەوە و هەستی گپاکی کوردایەتی لە ناو دل و دەروونی خەلکی کوردستان دا زیاتر دەبێت و بەرخودان و خەبات وتێکۆشان لە پێناوی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی کورد و کوردستان زیاتر پەرە دەسێنێ و بەرەو قۆناغی یەکجاری دەڕوات و گەلی کورد تۆلەی خۆی دەکاتەوەو لاشەی گەنیوی داگیرکەران لە ناو چالەکانی زبلی خیانەت و مرۆ کوژی دا دەفن دەکات،داگیرکەرانی کوردستان و هەموو ئەو زۆردارو دڕندانەی کە دەکەونە گیانی میللەتان و بەو شێوە نامرۆڤانە خەلکی بێ تاوان لە ناو دەبەن با ئەوە چاک بزانن کە ڕۆژێ هەردێتن هێز و توانای میللەتان

**بجۆشێت و ئەو زۆردارانە لە ناو ببات و تۆڵەی کاول کاری و بە کۆمەل کوشتن و تەواوی شەهیدانیان لێ بکەنەوە.**

**نەمری بۆ شەهیدانی شاری هەلبجەی شەهید و تەواوی شەهیدانی کورد و کوردستان.**

**سەر شۆڕی و نەمان بۆ داگیرکەران و نەیارانی گەلی کورد.**

**ئەحمەد دەشتی**

**بەهاری 1988 بەرلین**

# هه له بجه ی شه هید

دایه ڕۆژباش
دایه ڕۆژباش
نامەت گەیشت
من خوێندمەوە
بۆت نوسی بووم
وا شارەکەم
شاری کوردە
زامدارەکەم
جێی موختار و
گورانەکەم
بە زۆرداری و
دەستی ستەم
بە موشە ک و
بۆمبای شیمیا
بە گازی
ژەهری نازیا
چی ژیانە
لە ناو برا

شارەکەمان
شەهید کرا
دایەگوتت
لە نامەکەت
لە گۆتنی
پڕ ڕازەکەت
کە ژن و منال و
پیرەکانیش
گیان  لە بەر و
خانوەکانیش
بوونە قوربانی
کوردستان
بوونە پێشڕە و
بۆ کاروانی
سەربەرزی ژیان
بوونە وانەی
سەرکەوتنی
خەباتمان
بوونە مایەی

سەربەخۆیی و
ڕزگاریمان
بوونە هەستی
لە یاد نەچووی
تۆی ئازیزمان
ئەی دایەگیان
تۆ نوسی بووت
لە نامەکەت
لە نامەی
پڕ لەڕازەکەت
لە شاری من
لەو هەلەبجەی
شەهیدی من
هێرۆشیما
وەدێ دەکرا
بەڵام ئێمە
کەسمان نیە
شار و گوندمان
وێران دەکرێ

باسمان نیه
نا دایەگان
تۆ وامەڵێ
ئێمە کەسمان
گەلێ زۆرە
ئێمە خاوەن
ڕۆڵەی کوردین
خاوەن پێشمەرگەی
وەک گوردین
وورە بەرزین
کوردین مەردین
گیان قوربانین
زۆر بێ گەردین
ڕۆژێ هەردێ
تۆی ئازیزمان
ڕزگار بکەین
لە ژێر دەستان
دایە گیانە
تۆ نوسی بووت

له نامەکەت
له نامەی
پڕ هەستەکەت
هێرۆی  کچم
له بێشکه بوو
دایکی  هیواش
له تەکیا بوو
دایه گەورەش
له خەو دا بوو
بابەگەورەش
له نوێژ دا بوو
که بۆمبای ژەهری
دا باری
بۆ هەله بجەی
کوردەواری
شارەکەمان
خامۆش کرا
هەرچی ژیانه
له ناو برا

ئاسمانی  شار
ڕەش هە لگە را
هەلەبجەمان
شەهید کرا
بۆت  نووسی بووم
زۆر گرانە
زامی وەڵات
خەمی ڕۆلەی
شە هیدانی
ڕێگەی  خەبات
بەلام  دایە
دل گەورە بە
کورد زیندوە
لە ناو ناچێ
قەت نامرێ
هەر دەمینێ
بۆرزگاری
خاکی وەڵات
هاکا بینیت

هەزاران دەست
دەستی سەدان
کوردی سەربەست
بازووی پێشمەرگەی
پڕ لە هەست
شۆڕشگێری
خاوەن مەبەست
جارێکی تر
سەرلە نوێ
هەلەبجەمان
دەسازنەوە
شوێنەواری
سیانید و
گازی خەردەل
دەبتە مۆزەی
بیرەوەری
بۆ جیهان و
گشت کوردستان
بۆ شانازی و

**بەختەوەری**
**پەیکەری زێڕ**
**دادەڕێژین**
**بۆ شەهیدی**
**ڕێی سەروەری**
**هەر چەند نازی و**
**مرۆکوژ بن**
**بەڕە فتاری فاشیانە**
**خاپوور بکەن**
**بۆمباکانیان**
**بباریێن**
**کورد نامرێ**
**قەت نابەزی**
**لەڕێی خەبات**
**بۆ ڕزگاری و**
**سەربە خۆیی**
**خاکی وەلات**
**دایە گیانە**
**بۆت نوسی بووم**

له و سەردەمەی
هێرشیان کرد
شارەکە مان
ڕەش دا گەرا
ئاسۆی ڕوونی
تاریک داهات
له دوای چەندسات
تەنیائەوەی
وەدی دەکرا
تەرمی پاکی
شەهیدان بوو
باو ک مردوو
ڕۆڵەی بێ گیان
لەباوە شا
دایک سوتا و
کورپەی بێ هەست
له ناو کۆشا
خوشک و برا
هەرچاو گەش بوون

کەوتبوون
بەسەر خۆڵە مێشا
چی درەخت و  لێڕەوارە
چی شینایی و باغی شارە
هەلوەران و
ڕوتانەوە
کەوتن بەسەر
زامی  ژەهری و
بڕانەوە
گیانە دایە
بۆت نوسی بووم
لە نامەکەت
لە هەستی
پاک و جوانەکەت
تەنیا  تاوان
بۆ  شارەکەم
شاری خوش و
دلدارەکەم
شاری  کورد بوو

شاری  کورد بوو
له دوای چه ند ڕۆژ
که چوونه شار
شار شه‌هیده و
ماته‌مینه
هیچ ده‌نگ نایێ
ته‌نیا ده‌نگی
ڕیش سپیه‌کی
به‌سالا چوو
له ناو  گولی
زه‌رد و سووری
هه‌لوه‌راو دا
له‌ناو ته‌رمی
هه‌زاره ها
شه‌هیدانی
ئازادی دا
ده‌یگوت کورده
ئیتر هه‌موو
باوه‌ڕ و بێ

**کوردستانمان**
**ڕزگار دەبێ**
**کورد خاوەنی**
**خاکی خۆی و**
**وەڵات دەبێ**
**دایەڕاستە**
**ئەمە وایە**
**مێژووی  خەبات**
**بۆ ڕزگاری**
**خاکی  وەڵات**
**دەبێ  سوور بێ**
**بە خوێنی  گەش**
**بە قوربانی**
**گە لی ڕۆلەی**
**پاک و بێ غەش**
**ئێمە  گەلێکین**
**نامرین**
**بە خوێنی  خۆ**
**ژیان دەکڕین**

ئێمە دەڕۆین
بەرەو هەوار
بۆسەر لوتکەی
بەرزی بەهار
دەبێ قوربانی ڕێ
بدەین
زۆر وێرانی
شار و گوندی
خاکمان بدەین
ئەی دایەگیان
لە یاد ناکەم
نامەکەی تۆ
هەستی پاکی
دەروونی تۆ
وا وەرامیش
دەنوسمەوە
بۆ تۆی شیرین
بەم وە رامەش
برینانم

**دەکولێنمەوە**
**بۆ ڕازی  تۆ**
**ژانی  کوانان**
**دەژیێنمەوە**
**ئەوا  لێر ە**
**لەم  ولإتە**
**نامۆیە دا**
**زۆر بێزارم**
**لە دووری  تۆ**
**لەتاو  ژیانی**
**پڕ  ڕەنجی تۆ**
**لە یادمایە**
**سالانی  زوو**
**پێشمەرگە بووم**
**لە ناو  شاخ و**
**لێڕەوار و بن زنارو**
**کەور و دەشت  بووم**
**سۆریاو  دەکای**
**خوێناویم  دیت**

بۆمبارانی
شارو گوندی
کوردەواری و
قەلادزەم  دیت
شەو هێرشی
نامەردانە و
وێرانەم  دیت
زۆر هەڤال و
قارەمانان
شەهید کران
زۆر پێشمەرگەی
تازە لا و و
ژیان نەدیومان
زۆر خالیق و
زاناکانمان
قارەمانی وەک بارزانی
پالەوانمان
زۆر یوسفی و دلسۆزانمان
هەزارانی وەک کاوانی و

نەففاسەمان
شێخ  مە حمود و
پێشە واکەی مەهابادمان
شێخی نەهری و
سەیید رەزا و
شێخ سەلام و
شیخ سەعیدمان
لە ڕێبازی
تێکوشا ن  و خەباتمان
پەروازیان  کرد
بۆ ئاسمان
ئاسۆی  لێلیان
ڕوون  کردەوە
بوونە چرای
پرشنگداری
ڕێی خەبات و
سەربەرزی  ژیان
تۆ خوا دایە
خەم  هەلمەگرە

**دل  گەورەبە**
**ئەم وەرامەم**
**هێمایەکی**
**گەلێ کورتە**
**بۆ تۆی ئازیز**
**بۆسەر زەوی**
**خاپوور کراومان**
**بۆ ناو واری**
**ئەنفال کراوی**
**قارەمانان**
**بۆ  کاروانی**
**نەپچڕاوەی**
**شە هیدانمان**
**بۆ هەتوانی  زامی دڵی**
**ڕۆلە وون و**
**کورد پەروەران**
**بۆ هەڤال و  یارەکانی**
**دیرینەمان**
**بۆ ئاواتی**

**سەربە خۆیی**
**کوردستانی**
**خۆشەویستمان**
**بۆ سەروەری**
**شەهیدانی**
**شۆرشی مەزنی**
**ئەیلولی ژیان**
**بۆ ئارەزووی**
**ڕزگار بوون و**
**سەربەخۆیی یەکجاریمان**
**لە ژێر چنگی**
**داگیرکەرە دڕندەکان**
**دایە هەرگیز**
**لە یاد  ناکەم**
**هەستی  بەرزی**
**دەروونی تۆ**
**کە نووسی  بووت**
**لە نامەت دا**
**لە نامەی هەستی پاکی**

**دەروونت دا**
**ئەم چەند دێرە**
**بۆ هەمیشە دەنوسمەوە**
**لە ناو هەست و**
**خوێن ودلم دەیهێلمەوە**
**کە فەرموو بووت**
**تەنیا تاوان**
**بۆ شارەکەم**
**شارە شەهید کراوەکەم**
**شاری کورد بوو**
**شاری کورد بوو**

*

**بە یادی شە هیدانی هەلەبجە و هەموو ئە و سەروە رانە ی کەقەت لە یاد ناچنەوە و نامرن.**
25.3.1988 **بەرلین**

## سەرنجێک

دەبێ گەلی کورد و هەموو دڵسۆزێکی کوردستان بە گیان و دڵ لە پێناوی سەرکەوتنی کوردستان دا هەرگیز درێغی نەکات و هەولی سارێژکردنەوەی تەواوی برینەکانی پڕ لە ژان و تال و تفت و ناخۆشی ڕۆژگارانمان بدات و دەبێ هەموو زامە کۆن و نێکانمان هەتوان بکرێت و کوردستانی ئازیزمان بەرەو سەربەخۆیی بەرین و ئەمەش تەنیا بە یەکگرتن و هاوکاری و گیانی پاکی کوردایەتی ڕاستەقینەو یەکبوونی هەموو کوردێک برینانمان سارێژ هەتوان دەکرێت،ئەم بیرەوەریە تال وشیرینانە وخوێنی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان هەتا هەتایە لەبیر ناچنەوە و هە میشە زیندوون و نامرن ، منی ئاوارەو دوورە کوردستانە ئازیزو نەشمیلەکەم وەک هە موو کوردێکی ئاوارەو دلسۆز بە خاک و نەتەوەکەم هەر بەهیوای ڕۆژێ بووم کە برۆمەوە کوردستانەکەی دل و گیانی خۆم بەیارو خزم و کەس و دایکی ئازیز و برایانی دلبرین و هەڤالانی دێرین و دڵسۆزانی کوردو کوردستان کە سالە های سال لێیان دوورم شاد ببم و کوردستانم لەژێر چنگی داگیرکەرە درندەکان و زولم و زۆرداری نەیاران ڕزگار ببێ و ئازارو دەردە کانمان هەمووی لە یاد بەرینەوە و نیشتمانەکەم بە رزگاری و سەربەخۆیی ببینم،لەدوای چەندان سالی نامۆیی و ئاوارەیی و دلسوتان وبی ژیان و بێ دەرەتانی

و دوور لەهەمووخوشەویستان و واری جوانتر لەگولم، بەدلی برین  و دیدە پر ئەسرینی سالەهای سال غەوارەیی و وێلی شارو وەلاتان و ژیانی سەختی پڕ لەخەم و ئازارەکانی نەهامەتی و کارەســــــاتە مەزنەکانی ڕابوردوو و بە سەرهاتەکانی کورد و کوردستانە خاپورو ئەنفال و کیمیا باران کراوو لەت لەتەکەم لە مانگی چواری 1992 دا لە دوای دەمێکی زۆر دوور و درێژ و تێنو بە ئاو و هەواو دیمەنە جوان و دلگیرەکانی !کودستانەخەمبارەکەم، کە بەڕاستی  مرۆ خوی بەسەربەرزو سەرفیراز دەبینیٚ کە لە دوای ئەو هەموو کارەسات و دەرد و ئازارانەدا لە ڕۆژێکی  ئاوا بە چاوی خۆی ببینیٚ کەوا نیشتمانەکەی لە ژێر دەستی داگیرکەراندا ئازاد و رزوگار بووە و کورد بۆخۆی فەرمان ڕەوایەو وا سەربەست و دوورە ژێر دەستی و چەپۆکی دوژمنانە، من کە ئەوەم دیت زۆر دلم خۆش بوو،ئەوەندە گەشامەوە کە لە کاتی دیدارو پەڕینەوەم لە مەرزی دروستکراوی ناو کوردستانە پارەپارەکەم هەندی دەم کرد و دەم کرد نزگرەی خۆشەویستی وبە ئاوات گەیشتنم و ڕزگاری نیشتمانەکەم ڕانەدەوەستا، ئەوەم لە ناو دەروون دا پەنگاوەی دەدایەوە کەوا بە کوردستانی رزگار بووم شادبویمەوە و وا نیشتمانەکەم دوورە لەژێر دەستی رژێمە درندەکان دا لەگەل یاروخزم و کەس و هەڤالانی ئازیزم دام و بە یاستی ئەمە بۆ من بە ئاوات گەیشتن و ڕۆژێکی پڕ لە شادی بوو، دلم هەتا بلێی

شاد بووبوو ، هەرچەند دەمڕوانی و بیرم دەکردەوە دەمگوت گەلۆ دەبێ کورد ئەمجارە بتوانێ خۆی ڕا گرێت و لە ڕێگەی خزمەت بە وەلاتی شیرینی خۆی هەموو هەستێکی تەسک و بیرێکی چەوتی دژ بە خاک و نەتەوەکەی وەلا بدات و بتوانێ ئەمجارە خاوەنی کوردستانی خۆی بێت و ئەو پارچە ڕەنگینەی لە دەست نەبێتەوەو پەرە بە خەباتی خۆی و ئەو هەڵە پیرۆزە بدات و بگا بە دواڕۆژێکی کامەران وسەربەخۆیی کوردستان ژیانێکی پڕلەبەختەوەری و شادمانی دا هەرچەند دەمڕوانیە شارە دیرینەکەم،شاری هەولێرە پایتەختەکەم کەوا ئازادەو ڕزگار بووە ، وا خزم و کەس و کارو یارانی من خۆیان خاوەنی فەرمان و بەڕێوە بردنی شارەکەمانن و شاری هەولێری ڕەنگین و ناوچەکانی تری کوردستانەکەم،لە خۆشیان باڵم دەگرت و ئەوەندە دڵشاد دەبووم کە زۆر جاران دەمگوت خودایە دەبێ ئەمە خەون نەبێت و ڕاست بێت،بەلێ ڕاست بوو کوردستانم لە دوژمنانی خوێن ڕێژ و چەپەل لە خاوەنی ئەنفال و بڕیاری جینۆ سایید و خاوەنی بەکار هێنانی گازی خەردەل و سیانید و سـارین،ئەوانەی کە هەلەبجەیان شەهید کردم بە تەواوی پاک کراوەتەوە،ئێستا ئەو دوژمنە دڕندەیە نکارێ کە بێتەوە کوردستانەکەم،ناتوانێ ئێستاکە دیسان کارەسات و کوشتن و بڕین و خاپوورکردن و وێرانەیی بە سەر گەل و وەلاتەکەم بهێنێتەوە،ئای کە دلخۆش و شادو خەندان دەبووم وام دەزانی کە تازە لە دایک بوویمە ئەسلەن

هەرگیز دەربەدەری و ژیانی سەختی دووری و ئەو هەموو نەهامەتی و ڕەنج و جەفایەم نەدیوە.

بەڵام داخی گرانم ئەوەی کە هەستم پێ دەکردو لەتەک ئەو هەموو شادی و خۆشیەم دا لە ناو خانەی خەیاڵم دا ڕەنگی دەدایەوە و بەپەردەیەکی تاریک ئاسۆی ڕوونی لێ تار دەکردم و گەلێ دیمەنی زشت و نالەبارو پڕ لەمەینەت وناخۆشی و ئازارەکانی وەک شریتێکی سینەمایی دەهێنایە بەرچاوانم و لە ناو ئەو هەموو شادی و خۆشیەم دا تۆی گریانی پێ وەردەکردم و دڵ و دەروونی تەکان دەدام و ئازاریان لە هەناودا تۆ دەکردم، ئەمەش بەهۆی رەفتارو گوفتارو پنداری گەلێ ناراست و ناڕەواکانی زۆر کەسی نەزان و دل چلکن و بێ سەرو سامان کە تەنیا مەبەستیان تێک دان و پێشێل کردنی ڕاستیەکان وهێنانە کایەوەی گەلێ کارسات و ڕووداوی تال و ناخۆشی تربوو،کە نەیارانەو دوور لە گیانی پاکی کوردایەتی ومەردایەتی و خەبات و تێکۆشان و هەست کردن بە هەموو قوربانی دان و ماڵ وێرانی و ڕەنج و ئازارەکان بوو،کە ئەمانە وەک کابوسێک هەناسەیان دەگرتم و لە حەژمەتان

جەستەم وەژان دەهات و لە ناو دل و دەروونم دا کولەباری خەم و ئازارەکانم بار دەکرد و دیسان ئاسوی روونیان لی تاریک دەکردمەوە وکارەساتەکانی یەکتر نەگرتن و شـــــــەڕیخۆکوژی و بەدبەختیەکانم لە دوورەوە لە ناو خانەی خەیالەوە وەدی دەکردن کەهێشتان هەتوانی کونەزامەکانی میللەتە هەژارو ستەم دیدەکەم نەکراوە هێشتان خوێنی بە زۆر ڕژێندراوی هەزاران هەزار شەهیدانم وشک نەبۆتەوە،هێشتان ئاهی سەردی هەزاران دایکی زگ سوتاو و بێ دەرەتانم سارد نەبۆتەوە،داخەکەم ئەوەی کە وەدیم دەکرد و هەســـــتم پێ دەکرد،گەلێ دیمەنی پڕ لە ژان و کارەساتی خۆ کوژی و بەرەو دوا گەڕاندنەوەمان بوو،کە ئەمەش نەیاران و زۆرداران و ستەمی سالەهای سالانی لەمێژینەوکههسانی بیر تەسک و ناپاک و و نەزان بە بۆچوونی ناراستی زۆر کۆنە نەیارو کەسانی پەست بوو کە سیمای تاڵ و ناخۆشیان نیشان دەداو دەبوونە دیاردەی گەلێ لە کارەسات و گێڕانەوەی مال وێرانیمان ، ئێستاش هەر ئەوان جۆرە کهسانەو

دوژمنانی دیرۆکی کوردن کە دەیانەوێ دیسانەکە کورد خوێنی کورد بڕێژێتەوەو بە دەستی خۆمانماڵی خۆمان کاول بکەین و بەربینەوە گیانی یەکتری،هەروەک دیرۆکی کۆن کە دوژمنان توانیویانە بەو هۆیەوە لە ناومان ببەن و سالەهای سال بێ کیان و بێ دەرەتان بووین،داخەکەم بەهۆی ڕەفتارو ڕامان و بۆچوونی گەلێ لە نەزان و داخ لە دڵان و داگیرکەانی کوردستان یەکتریان گرتۆتەو هەستی پاکی کوردایەتی دەڕوژێنن و گمەی بەدبەختی خاک و نەتەوکەمان دەخوێنن و هەولی دیسان خۆکوژی و مال وێرانی و خاپور کردنەوەی کوردستان دەدەن و نایەلن سەربەست و ڕەها بژین و بە گیان و هەستی ناپاکی خۆلە ناو بردن داخی گرانم ئەوەی کەدیم گەلێ نالەباری و بێ سەرو سامانی و وەدی هێنانی داهاتوییێکی رەش بوو،ئەوەی دیم تەنیا ئەسرینی بە گور هەلیژاوی پڕ لەخوێنی سووری چاوی دلسۆزان و نیشنمان پەروەرانی راستەقینەبوو،ئەوەی کە دیم خاپور ترکردن و مال وێرانی و بەتالان بردنی سەروەت و سامانی میللەتەکەم بوو، خانوو بەرە دەڕوخێندران کە خەلک

بەسەربانانەوە بوون بۆ دەرهێنانی شیشەی ئاسنی سەربان و دیواری خانوەکونکریت کراوەکان و بێ رەحمانەو دوژمنانە کەوتبوونەگیانی خانو بەرەکان و لەبە رچاوی لێپرسراوەکانەوە خانووە کانیان دەروخاندن و سەقف و دیوارو دەرگاو هەموو شتێکیان بەتالان دەبرد و کەس نەی دەگوت ئەرێ براله بۆ وادەکەن بۆچ ئاوا ماڵ و سامانی ئەم میللەتە بە تالان دەبەن،من کە دەمڕوانیە ئەوانەی بەسەر خانوو دیوارو بانەکانەوە بوون و خراپکاریان دەکرد و کۆشک و بالاخانەو شـــــــــوێنەکانی گشتیان دەڕوخاند،هەمان شەهید کردنی شاری هەلەبجەو وێرانکردنی هەزارەها گوندی کوردەواریم دەهاتەوە بەر چاوان،لە دڵی خۆم دا دەمگوت باشە ئەم خەلکەی ئێمە دەبێت کەی هەست بەوە بکات کە هەرگیز خۆی ڕوخسەت بە خۆی نەدات کە ئا ئەم شێوەیە ئەم کارە دڕندانەیە بکات و بۆ خۆی بە دەستی خۆی مالی خۆی وێران نەکات،دەبێ کەی وای لێ بێت کە بە دلسۆزی و بە گیانی پاکەوە هەموو کەسێک پارێزگاری لە سەرو سامانی میللەتی کورد بکات،کەدەم دیت وا ئاوا بەربوونەتە گیانی ئەم

سەروەت و سامانەی شارو میللەتەکەمان ئیتر هەموو شتێکم لەبەرچاو ڕەش دەبوو و دلم دەبوو بە یەکپارچە گڕی سوور و دەتلامەوەو لە داخان دەبوورامەوە، هەرچەندکە دەمڕوانی زیاتر نا ئارامی دەیگرتم،دەمبینی کەوا ئەوەی ماویشە وادەیڕووخینن داراییمان بە دزی دەبردرا،سەروەت و سامانی میللەتەکەمان ئاو دیو دەکراو مافیاکان قووتیان دەدا،مافیا دەستی لەکار دابوو کە لەدوای ئەم هەموو ئازار و رەنج و کارەساتانەدا، لە دوای ئەنفال و ئاوارەیی هەزارانمان و هەلەبجەی شەهید و کارەسات و کوێرەوەری و نەهامەتی و ئازارەکان بەدەستی دوژمنانی داگیرکەر کە لە دیر زەمانەوە تا ئەمڕۆکە دیومانەو بەسەرمان دا هاتووە،وا ئێستاش هەر ماوە، وا دیسانەکە دەیانەوی مال ویرانترمان بکەن و وان لەسەنگەری کوردکوژی دا خۆیان مەڵاس داوە و هەولی زیاتر لە ناو بردنی کوردو کوردستان دەدەن،کەهەرگیز نایانەوێ ئێمەی کورد پشووی ئارامی و ئاسایش بدەین و ئازاد و سەربەخۆ ببین دەیانەوی هەمیشە هەر خەمبارو مەلول و چەوساوەی دەستی ناپاکیان بین کەوا ئێستاش

دوژمنانمان هەر وەک چۆن نامرۆڤانە هەموو دارو نەداری ئەم کوردە هەژارەو مال وێرانەیان بەم دەردە بردوەو وازناهێنن و هەر والە ســـەنگەردان و ئەمجارە بەشێوە یەکی تر وا خەریکن داوی برا کوژی و بەیەکتر بەکوشتندانمان بۆ دا دەنێنەوە و خۆشمان بەهەستی تەسک و بیرکردنەوە ناراستەکان و کوێر کوێرانە وا دەستمان لە سەرماشەی تفە نگەکانمان داناوە و ئامادەی دەست داگرتنین و لە جیاتی روو لەو دوژمنانەمان بکەین وا خۆمان کردۆتە ئامانجی گوللەکانمان و بە ویستی ئەونەیارە درندانەمان ئەم هەموو رەنج و ئازارو برنیانەی ڕابوردوومان لە یاد کردووەو خۆمان لە بیر چووەتەوە و ئاورێک لە رابووردووی پڕ لە نەهامەتی و مەینەتەکانمان نادەینەوە و نایکەین بە ئەندەرزی ڕۆژگارانی ئەمرۆمان، هەرچەند وا خەریکە نیازی سالەهای سالمان وەدی بیت هەڵێکی گەورەمان بۆ هاتۆتە کایەوەکگەر هەروا بێت دیارە کە نکارین سەرکەوتوانە لێی دەرچین و لە ئاستی ڕوداوەکان بین ، ئێمەی کورد لە دوای ئەم هەموو مال ویرانی و کاولکاری و بەهەزار هەزارانمان

ون و وێل بوو لە بیابان  و زیندانەکان دا پەند و سەدان هەزارانمان ئەنفال کراوو بێ سەرو شوێن و زیندە بە جال کراوو لە ژێر بۆمبای کیمیایی دا خنکێندراو دیارە کە پەند وەرناگرین و وا بەنەزانینی خۆمان بەرژەوەندەکانی تایبەتیمان لە سەرووی کورد و کوردستانەوە داناوە و بەفیتی حەرامزادەکان و نەیاران وا جۆش دەخۆین  و بەرەو داوی مە رگ و نەمان دەبینەوەو واخەریکە دەکەوینە ئەو داوە مەرگاوەرە کە ساکە سالە داگیرکەران بۆیان چنیوین، کە ئەمە ش هەمووی تەنیا  هۆی نەبوونی زانین و هەستی دوور لە هەموو بەرژەوەندیەکی  کوردو کوردستانە  کەوا بۆ خۆمان  ئاسۆی روونی سبەی نیشتمانمانەکەمان بەرەو تاریکی دەبەین، هەمووکارەسات و ئازارەکانمان بەهیچ دەژمێرین، کە ئێمە جگە لە کاول بوون و زامی کولی هەژاران و نەبوونی و بێ دەرەتانی و خاک و ئاوایی بەزۆر لێ داگیر کراو و ون و وێل و ئاوارە لەکاشیانەی خۆمان دا شتێکی ترمان وەدی نەکردوە، دواکەوتوو و بێ هەموو مافێکی سەربەستی و مرۆیاتی، لەژێر باری گرانی زەبرو زەنگ و داپلوسین لە ناو

زیندانە ترسناکەکان و بەکومەل زیندە بەچال کردن لە دەشت و بیابان و چالاوەکان و خنکاندن و بێ سەرو شوێن کردنی هەزاران هەزار رۆلەی ئازاو نیشتمانپەروەر و دلسۆزەکانمان و کوشتنی بێ تاوانان لەژێر باری گرانی ئە شکەنجەو ئازارەکان دا شتێکی ترمان نەدیوە،کەچی بە خۆمان واخەریکین خۆمان چال بۆ خۆمان هەلدەکەنین من کەگەلێ وێرانی و بوردومان و خاپور کردنی شارو ئاواییەکانی کوردستانی جواتر لە هەموو شتێکم بە چاوی خومەوە دیوە کەلەماوە ی 31 سالی رەبەق دا بەولاوە بەهە زاران کورپەی ناو لانک و لاو و پیرو زارۆکمان لەگەل تەوژمی بۆمبای ناپالم و موشەکەکانی دوژمنانی درندە وەک خۆلەمێشیان لێ هاتووە و بوونەتە یەکپارچە و خۆلی وشک،لەناو ئاوایی باوک باپیرانمان لەژێرکەلاوەکان دا بەسەدان هەزارانمان لێ شەهید کراوە و بە دەردێ براوین کە مرۆڤ قەت ناتوانی وەک خۆی تەواوی بە سەرهاتە تالهکان باس بکات وبە نوسین دەری ببرێت و بیهێنێتە سەر کاغەز،کە چۆن بۆردومانی فرۆکە بومب هاویژەکانی(لیوشن ) و

فرۆکەکانی (باجەر)و(توبولیف )و(سۆخۆ)و (هەنتەر)و (میک) و هەموو جوره توپ و تانک و موشەکەکانی نەیارانمان کە دیاری شەرق و غەرب بوون بە بەسەدان تەن باروتیان بەسەر خاکی کوردستانەوە داداوە و بە چاوی خۆمان دیومانە،کە هەر لە سالەکانی 1961ڕا لەکاتی هە لگیرسانی گڕی بلێسەی شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوەچۆن دەستیان کردبە بوردومان کردن و کوردستانیان چۆن خاپور کرد و هەر چیەکی کە لە دەستیان هات وئەوان کردیان و بە هیچ شێوەیەک دریغیان نەکردوەو تەنیا بە هۆی ئەوەی کەگەلی کورد داوای مافی ئازادی خۆی کردووە تەنیا لەبەر ئەوەی کە ویستومانەوەک مرۆڤان بژین و ئاوا بەم دەردەیان بردووین،من وەک هەزاران کوردی دوای سالەهای سال پێشمەرگایەتی کە ئاوارەی دووره وەلاتان بووم لە کوردستانم دوور کەوتمەوە زۆر بەهیوا بووم کە ڕۆژێ بێت و بە ئازادی و سەربەستی بگەرێمەوە نیشتمانەکەی خۆم و ئەوەی کە تەنیا مەبە ستیشم بووبێ ڕێزی گیانی پاکی یەکگرتنی رێزەکانی کورد بوەو کەتەنیا قەلغانی رزگاری و سەربە خۆیی

کورد و کوردستانە  کە دوای ئەو هەموو غوربەت وناموٚیی گەڕامەوە کوردستانەکەم، بەو هیوایەوە کەنیشتمتانم ئازادە و لە ژێر دەستی داگیرکەران نەماوە ئیتر ڕابوردوەتالەکان دەسڕێنەوە ، یادی یەکبوون و خوشەویستی و بەرژەوە ندی گەلی کوردە، یادی تەبابی و برایەتی و راستیەکان ، یادی خەباتی راستەقینەو دلسوزیە،ئیتر رابورد و دەکەین بە قوتابخانەی پەند لێ وەرگرتن هەموو نەهامەتیەکان دەبێتە یادی بەرژەوەندی کورد وکوردستان ، بیری نەتەوایەتی وکوردپەروەری و پاراستنی دەسکەو تەکانی کە بە خوێنی هەزار هەزاران شەهیدانی بزوتنەوەی ئازادیخوازیمان هاتوٚتە کایەوە لە هەمووشتێ بە گەورەتردادەندرێت و زانین وپێشخستنی نیشتمان لە سەرووی هەمووبیرو بوٚچوونی هەموو حزب و لایەن و کەسایەتیە کانەوەدەبێت و بەگەورەترو خوٚشەویستر لە هەموو شتێکەوە دەزاندرێت، چونکە کوردستانمان نەبیت هیچمان هیچ نین و خەباتیش بوٚکوردستان نەبێت هیچ نیەو قەت سەرناکەوێت ، دەبێت  بە سەر هات

وەکارەساتەکانمان بکەینە دروشمی پیرۆزی و یادی نەفرین کردن لەشەری خۆکردن و کورد بەکورد کوشتن دان، یادی هەلەبجەی شەهیدی کوردو کوردستان ببێتە یادی لادانی هەموو هەستیکی خۆ لەکوردستان بەگەورەترو پیرۆز ترزانین،یادی ئەنفالەکان و هەشت هەزار رۆلە بارزانیەقارەمانەکان و بەکومەل لە ناو براوەکان و ون بوەکانمان بکەینەگیانێکی زیاتربۆ یەک بوون و خۆشەویستی یەکتری و زیاتر تف لە رووی دوژمنان کردن وڕیسواتر کردنی نەیاران،یادی خاپوور کردنی شارو سەدان ئاوایی بەخاک یەکسان بوونمان ببیتە هێزی پتەوو قەت لەبن نەهاتوی گیانی یەکتر گرتن، من بەخەیال وام دەزانی کەئەمجارە کورد خاوەنی خۆیەتی وکورد بەگیانی پاکی دوورلەهەموو بەرژەوەندیەکی تایبەتی دەبێتە قەلایەکی سەختی دوژمن بەزین ! بە لام داخی گرانم بە دلێکی پڕ لە ئازارەوە بەخەمێکی زۆر گرانەوە کوردستانەکەم دیسان بەجێ هێشتەوەو و هەستم بەوە کرد و بە جاوی خۆم دیم کە وا دوژمنانی داخ لە دل دیسانەکە لە سەنگەرن و دەتوانن کاری خۆیان بکەن

و بەسەرمان دا زال ببنەوە ئەوەش تەنیا بەهۆی دەستی خیانەت و ناپاکانە،کەوا هەموو هەولێک دەدەن دیسان گیانی نیفاق ودژایەتی یەکتر کردنی کورد زیندوو بکەنەوەوداوی مەرگیان بۆدانایینەوە و خۆشمان وا نەزانانەخەریکینکەوا ،زۆرمان دەبنە دار دەست و بەمەبەستی دوژمنانمان خول دەخۆنەوەو دەکەوینەوە داوی ڕەش وسوور و بۆرەوە،من کەگەڕامەوە نیشتمانەخەمبار و ویرانەکەم وچوومەوە شارە هەولیرە دیرین وئازیز و خاپوور کراوەکەم،جگە لە کەسەرو رەنج و ئازارشتێکی ترم وەدی نەکرد کەلە دوای کارەساتەمەزنەکەی سالی1975 هەرگیز ئاوام نەدیبوو،لەدوای سی و یەک 31 سال کە چوومەوە سەردانی خزم و کەسانی بێزارو مەلول لە ژیان دا، وارە خەمبارە کەی خۆم دیت چی بەسەر هاتووە، چۆن دوژمنانی ترسنۆک دارو نەداریان لەرەگ و ریشە دەرهیناوە و هەر بستێک لەم خاکە پیرۆزەی کورد هیرۆشیمایەکە،دیمەنی کەلاوە و ئاواییە بەسەریەک دا تەپیوەکان و جادەی ئیسفالت لێ هەلکەندراو و قۆلت قۆلت وکوچەی پر لەئاوی چلکاو پڕ قرێژ تی وەستاو

کۆلانی تەژی لە زبر و قرێژاوی بی زێراب و بازاڕی مشت لە خەلکی بێ کاروکاسبی و مەلول،دوکانی چۆل وبێ دەرامەت و نەبوونی بازارێکی گەرم و گوڕی کاسبی،خەلکێکی بی زەوق و شڕۆل و دل تەژی خەم و برین،خیابانی کراوە بە پیادەرو و پر لەحەشامات، منالانی دەرۆزەکەر و ژنانی لی قەوماو و باوک و براو ڕۆلە و میرد شەهید کراو وتەنانەت بێ بژیوی جەمیک ڕۆژانەی مال و خێزانیش، نەبوونی لە هەموو رویێکەوە ئەوەندە زۆربوون کە هەمووی  توش بەبن بەست کرابوو، خەمی سالەهای سالی تەپەسەری و وێرانی، سیمای کیمیا بارانی کوردستان و کەس و کار وون بووەکان و نەبوونی هیوایەکی روون  بۆژیانی بەئازادی و رزگاری و دیار نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون و قوناغێکی پڕ لە حەسانەوە و گەشاوەی دوا ڕۆژی کورد و کوردستان،ترس و سامی دڕندەیی بەعسیە خوێن ڕێژەکان و ئازارەکانی ڕابووردووی پڕ لە نەهامەتی و کوێرەوەری کە لە ڕووی تەواوی خەلکی کوردەواریەوە ڕەنگی دەدایەوەو هەموو میحنەت و ئازارو حەسرەتەکانی ژێر دەستی ڕژێمە یەک لە دوای

یەکەکانی عێراق وخەمەمەکانیان بە تەواوی لە ڕووی لاوو پیرو ژن و مندال و پیاوانەوە دیاربوو،سەرەڕای هەموو ئەمانەش  هەست کردنی خەلکی کوردی بیدەرەتان و لێ قەوماو لە دوای ئەنفال و بومبارانی خەردەل و سیانیدو ئەو هەموو زەبرو زە نگەی رژێمە مرۆکوژەکان کە تەنیاخەلکی کورد بە خۆوی دەتوانی باسی لێوە بکات و بەتەواوی بیگێڕێتەوە کەبەچ دەردێک براوین،ئێستاش دوای راپەرین و تەسلیم نەبوون بەئیرادەی نەیاران وان لە ژێرسایەی ئەم هەموو میحنەت و ئازار و رەنجەی ئەمڕۆی کورد کە تیادا دەژین،ئاسۆی تاریک و لێلیان لەبەر چاوان دابوو کە بەهۆی هەست و بیرکردنەوەی  تەسک و ناراست و نالەبارو نارێک لەنێوان خەلکی کوردستان دا بەتایبەتی لەنیوان پارتە سەرەکیەکانی کوردستان   وای لەم خەلکە کردوە  کە زۆر بە زەحمەت باوەریان بەوە  ماوە کە خۆیان واتەکورد بتوانن  بەم شێوەیە  خاوەنیەتی خۆیان بکەن  و نیشتمانی وێرانە  کراوی خۆیان  ئاوا بەو شێوەیە ئاوەدان و شادو دوور لە هەمووگیرو گرفتێک بە دوور بکەن و وەک  میللەتانی دونیا بەرەو

پێشەوە بڕۆن و سەربەخۆ ببین و بە ئاسودەیی و سەربەرزانە بە گیانی یەکێتی و هەستی پاکی کوردایەتی بژین،هەرکی کە دەتبینی بەدلێکی پڕ لە حەسرەت و ئازار و ژانەوە بەئاهی سەرد و خەمەوە بەهەناسەی بال شکاو و دلی پر لە ئاخ  و برینەوە باسی شەڕی برا کوژیان دەکردو دەیانگوت کورە خۆئەوانە راناوەستن و واخەریکن  مالمان کاولتر دەکەن،هەرچی نەیاران کردویانە وا دووبارە خۆشمان دەیکەینەوەو بنوارن  چیمان بەسەر خۆمان هێناوە،گوتمان ئوخەی دەستی داگیرکەر بڕاوەتەوە ئیتر دەحەسێینەوە  نەمان زانی بێ نان و بێ کار و بێ ژیان و بێ دەرەتان  بەدەستی نەزانین وگیانی دووبەرەکێ و رِق لە یەکتری  ئابەم شێوەیە دەبینەوە و نارەوایانە و نەزانانە شیر لە یەکتردەسووین و ئاوا دژایەتی یەکتر دەکەینەوە و گیانی خۆکوژی بە هێزتر دەکەین،دیارە راستە کە دەلین کورد  دوعای لێ کراوە کە هەرگیز نابێت بحەسێتەوە خۆ تائێستاکە دوژمنان بوون دەیان کوشتین،ئەنفـــالیان دەکردین،بە گازی خەردەل و سیانیدشارو گوندیان دەخنکاندین،واریان خاپور

دەکردین ،ئێستاش دوای کۆچڕەوی گەلی کورد و قاودانی دوژمنان و ڕزگاربوونی ئەم بەشەی کوردستانمان وا گەلێک لەوانەی کە فرچکی گیانی دووبەرەکێیان مژتووەو هەمیشە چقلی بەختەوەری و ڕزگاری کورد و کوردستان بووینە داری ئازادی بن کۆل دەکەن ولە جیاتی ئاوەدان کردنەوە و شادی هێنان بۆ خەلکی کوردستان وا خەریکن یەکتر قڕدەکەن و هەموو ڕۆژێ بە هانە بۆیەکتر دەبینینەوەو دەبنە هۆرەی داری ڕزگاری وئازادی گەلی کوردو هەولی یەکتر لە ناو بردن دەدەن و برا لەبرا جیا دەکەنەوە و شارو ئاوایی ویرانتر دەکەن و ئازار و حەسرەتی ئەم خەلکە زێتر دەکەن،دارو نەدارمان دا بەش دەکەن،بە دەستی خۆ امالی خۆ وێرانتر دەکەن،هەتا دوێنێ دوژمنان بوون کوردستانیان کردبووە گۆمی خوێن، خۆ ئەوان دوژمن بوون،بە خوێنی رۆلەکانی کورد تێنی بوون، بیری تواندنەوەی کورد و کوردستانیان لە مێشک دا مەبەست بوو،بەلام ئێستا وا دەبینین برای پشتمان میرات دەگری و دەمان ڕەتێنێ و ئەوانیش وەک دوژمنان وا ون و وێل و دەربەدەرو ئاوارەی دووریمان

دەکەن، وا بەداسەپاندنی شەڕی خۆکردن بەفیتی دوژمنانی درندە لە ناو داوی مەرگ و نەمان دا پشووی ژیانمان لێ دەبڕن و دلی داگیرکەرانی کوردســـــتان شاد دەکەن،بە هەستی تەسک و بەرژەوەندی تایبەتی وا لە ناومان دەبەن،خوێنی کورد بەدەستی کورد دەرێژنن و ئاوا بێ شەرمانە خۆ ریسوا دەکەن و تۆی زیاتر برا کوژی بەخاکی پیروزی کورد ستان وەردەکەن و هەستی دوژمنایەتی یەکتر کردن لە ناو مێشکی نەوەکانی ئایەندەمان دەروێنن ،بیری لاوەکانمان بە گیانی رق لەیەکتر بوون و دوو بەرەکی ئاو دەدەن و براو باوک و کەس و کاران دەکەن بە نەیاری یەکترو دوژمنانە رەفتار دەکەن، کە ئە مەش بۆخۆی هۆیەکی هەرە گەورەی رزگار نەبوون و سەربەخۆیی خاکی کوردستانە،کەلە دیرۆکی کۆنەوە دوژمنان ئەمەیان بەسەر رۆلەکانی کورد داسەپاندوە و زۆریش هەن لە ئێمەی کورد زۆر نەزانانەئەم ڕەفتارە خیانتکارانە ئەنجام دەدەن و دلی دوژمنان شاد دەکەن،تائەو ڕۆژەش نەیەت کە بەرژەوەندیە تایبەتیەکان و هەموو هەست وبیری نارەوای کەسایەتی لە ناو نەبەین و

هەستی پاکی دیموکراتیانەو دلسۆزی و هەول و خەباتی راستەقینەمان بەسەر دکتاتوریەت و زۆرداری و بەزۆر خۆسەپاندن دا زال نەبێتن ئەوا هەرگیز لەژێر باری گرانی چەوساوەیی و زولم و زۆری داگیرکەران دا رزگار نابین و کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ وەدی نایەت،تا بیری نیفاق و لێک بوون و نەبوونی یەکێتی بەراستی و بە تەواوی بن بڕ نەکرێت هەر ئاوا ئاوارەو بێ دەرەتان و بێ مافی ئازادی و سەربەستی دەبین و کوردســـــتانی ئازیزمان وێرانترو خاپوور تر دەکرێت و دەکەوێتەوە ژێر دەســـــتی داگیرکەرە دڕندەکان و هەرگیز ئۆخەش لە ژیانمان دا ناکەین دەبا بەس بێت چەوت بیر کردنەوەو ڕازی کردنی دلی دوژمنان، بابەس بێت ڕکبەرکێ وشەڕی خۆ کردن ویەکتر بەیەک بە کوشت دان،دەبا کوردستانی ئازیزمان لە سەرووی هەموو شتێکمانەوە بێت و چیتر ئەم کوردە هەژارە وا دەربەدەر و مال وێرانتر نەبێت و ئاسودەو ئارام لە ناو لانەی باوک و باپیرانمان کوردستانی ڕەنگین دا هەموو لە هەموو بە یەکەوە بە تەبایی بژین و کوردستانمان

سەربەخۆ و ئازاد و ڕزگار بکەین و ئەم هەڵە مەزنەمان لە دەست نەدەین و لە ئاستی ڕوداوەکان دا بین.

ئەحمەد دەشتی

1992 هە ولێر

بەیادی ئەو شەهیدە نەمرانەی کە بە گازی خەردەل و سیانید بە دەستی داگیرکەارن و دڕندەکان لە ناوبران و بە یادی هەموو شەهیدانی ئەنفال و شەهیدانی کوردو کوردستان بە تێکڕایی پێشکەشە بە هەمو کوردێکی دڵسۆزو کوردپەروەر.

*